سەید حەکیم دووپات دەکاتەوە: گەیشتنی عێراق بە کەناراوی ئارام پێویستی بە پاراستنی ناوخۆیی و دەرەکی هەیە

لەشاوەکی بەغدادی خۆش، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپێمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەکەبوونەوەیەکی هەمەتی هەڵبژاردن چاوی بە کەمەیك شێخ و پیاوە دیارەکانی پایتەخت کەوت و سەماحەتی گوتی : گرنگە عێراق لە گەردەلوول و رکابەری دەرەکی بپارێزین و کێشەکی ناوخۆیی گونجاوی بە بەخسەنین، لەگەڵ مامەڵە کردن بە دوو ڕەوی هاوتەریبدا.

سەماحەتی ڕوونیکردەوە کە عیراق ڕووبەڕووی ڕکابەری زۆر بوتەوە و توانیویەتی بە شێوەیك لەگەڵ دەسەیەکان مامەڵە بکات کە تێیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تێوە نەگلێت.

بەڕێز سەید حەکیم ئاماژەی بەوەشکرد، کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو سەرکین و بەهێزکردنی هێزەکانی میانڕەوی عێراق دەپارێزێت لە دەرئەنجامەکانی ڕووداوەکانی ناوچەکە، هەروەها ڕوونیکردەوە کە نزیکبوونەوەی هێزەکانی میانڕەوی نوێنەرایەتی ڕەبازێک دەکات بە پاراستن و سەقامگیرکردنی عێراق گرنگی هەیە.

بەڕێزی گوتیشی کە عێراق بەسەر ڕکابەرییەکانی ئەمنی و سیاسی و کەمەڵایەتیدا زاڵبووە، ئەمە جگە لەوەی پێوەندییەکانی دەرەوەی لە ئاستی ناوچەیی و دەرەکی بەرەو پێش چوون، هەروەها باشترکردنی سروشتی پەروەردەی دووپات کردەوە، گوتیشی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، بەتایبەتی ئاو، کارەبا، تەندروستی و ژێرخانی زۆر گرنگە باشتر بکرێت...

لە هەمان چوارچێوەدا، سەید حەکیم جەختی لەوە کردەوە کە ڕەوتی حیکمەتی نیشتمانی پشت بە بەهێزکردنی گەنجان دەبەستێت لەسەر هەنگاوە پراکتیکییەکان کە بە دەزینەوەی توانای گەنجان دەستپێدەکات، پاشان ڕاهێنان و پەرەپێدان، پاشان بەهێزکردن و پێدانی متمانە، کە دەبێتە هۆی هەڵسەنگاندن و سەرکەوتن. ئەمەش ئامادەکردنی سەرکردە گەنجە کاریگەرەکان مسۆگەر دەکات لەوانەی توانای خزمەتکردنی کەمەڵگایان هەیە.